# دادگای باڵای تاوانەکان و پرسی لاوازی دەسەڵاتی کورد!

## گوێلێگرتنی وتەکانی سەدام پاش تیاچونی، پرسی جینۆسایدی خەڵکی کورد بەتاڵدەکاتەوە!

تایەر حاجی حەسەن
Hanskk_01@hotmail.com

بچوک کردنەوەی تاوانی جینۆسایدی خەڵکی کوردستان لە نێو دادگای باڵای تاوانەکاندا و گوێلێگرتنی بڕیارەکانی سەدام دەرهەق بە کوشت و بڕی خەڵکی کوردستان، لەم کاتە درەنگ وەختەدا و پاش تیاچونی سەری مارەکە، دەمان گەیەنێتە ئەو بڕوایەی کە خودی ئەم دادگایە و هەڵسوڕێنەرانی هێندەی سەدام و ڕژێمەکەی تاوانبارن.

دانیشتنی ئەمڕۆ 2007/01/08 ی بە ئاشکرا نیشانی دا کە کێشەی ئەنفال و کیمیاباران کردنی خەڵکی کوردستان چەند بە بێ ئەهمیەت گیراوە لە نێو پرس و هاوکێشە سیاسیەکانی ئەمڕۆی نێوان دەسەڵاتە جۆراو جۆرەکانی عێراقدا . دیارە هۆکارەکانی پشت ئەم درەنگ وەختییە، هەرچیەک بن، ناکاتە ئەو واقیعەتەی مێژوویەک و کارەساتێک بەو ئەندازەیە بچوک بکرێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا نابێت ئەوەمان لا شاراوە بێت، نەتوانین کارکرد و ڕەهەندەکانی پشت ئەم کەنارکەوتن و بە بچوک نیشاندانەی جینۆسایدی کۆمەڵگەیەک نەبینین. بۆیە پێش ئەوەی ڕەخنە و تاوان بدەینە پاڵ هەرچ هێزێک و لایەنێک، گرنگە ئاراستەی ڕەخنەی جیدیمان بەرانبەر دەسەڵاتی سیاسی ئەمڕۆی کوردستان بێت و بچوک کردنەوەی ئەم پرسە مێژووییە پێش وەخت دەبێت لە بەدواداچونەکانی نێو ئەو دەسەڵات و پەرلەمانە کوردیەدا ببینین، کە تەنها خەریکی شیوەن کردنێکی لۆکاڵیانەی درۆزنانەیە بۆ قوربانیانی دەستی جەللادەکان.
ئایا نابێت بزانین بۆچی ئەو دەسەڵاتە کوردیە نەیتوانی ئەم پرسە گرنگە بەقەد قورسایی خۆی بڵند بکاتەوە و تەواوی دادگا و دەسەڵاتە سیاسیەکەی و ئەو دەسەڵاتە دەرەکیانەش کە لە پشت بچوککردنەوەی ئەم پرسەوە بوون،بیانخاتە ژێر پرسیارەوە؟ یان ئەم هاوکێشەیە کۆمەڵێک ڕەهەندی کەی لە خۆیدا پەنهان کردوە و بە تیا چوونی سەری مارەکە، نهێنیەکانی پشت ئەو جینۆساید کردنەش تیاچون و ئیتر ترسێک نەماوەتەوە لە ئەو کلک و پێپانەی ئێستا لە نێو دادگادا لێپرسینەوەیان لەگەڵدا دەکرێت!
سەدام لەو( سیدیە) **تەسجیل کراوەدا بە ئاشکرا و بە بێ سڵەمینەوە لەوکارەی پێی هەستا دەڵێت** (**بەبێ پرسی من کەس بۆی نیە چەکی کیمیاوی بەکاربهێنێت**). (**کوشتن و لە سیدارەدانی خەلکی سیڤیلیش ئازاد دەکات**) **بۆ چەتەکانی خۆی و دەڵێت** (**موخەڕب و ما موخەڕیب نیە هەموو وەک یەکن**!)
باشە نابێت بپرسین ئەم بەڕێزانەی بەرپسی ئەم دادگایە بۆ نەیان توانی پێش لەسێدارەدانەکەی (خوالێخۆشبوو!) ئەم دەنگە تەسجیل کراوەیەی بڵاو بکەنەوە و با چیتر نەکرایە بە پاڵەوانی مەیدان و، بە تیاچونێکی **تائیفیانە** کۆتایی بە عومری نابوتی نەهاتبایە؟ ئەی هۆکار چی بوو ئێستا دەستیان دەگات بەم دۆکیمێنتەو بە کوردی (حەبیبی) دەفرۆشنەوە. مانەوەی ئەو چەند جەلادەی ئێستا لەو چوارچێوەیەدان ناتوانرێت و لە ڕووی ڕەسمیەتیشەوە نەشیاوە بتوانرێت تاوانی جینۆسایدی کۆمەڵگەیەک بەسەریاندا بسەپێنرێت، چونکی ئەمانەی ماونەتەوە تەنها جێبەجێکەر بوون نەک بڕیاردەر!
ئەوە سەدام خۆی و بیرکردنەوە شۆڤێنستیەکانی بوو کە توانای کۆنترۆڵ کردنی تەواوی جەلادانی پشت خۆی هەبوو، دیارە ئاشکرایە کە ئەو تەنها نەی دەتوانی بە هەموکارەکان هەستێت و جێبەجێشیانبکات، ئەو خاوەن ڕژێمێک و دەوڵەتێک بوو، بەلاّم ئەوانەی لە ناو ئەو ڕژێمەو ئەو دەوڵەتەدا بوون دەتوانین بە ئینسانە

**خەسێنراوەکان** ناویان بهێنیین، ئەوانە تەنها جەللادانێک بوون فەرمانیان ڕادەپەڕاند. بەڵام کۆدەکانی پشت ئەنجامدانی ئەو **کارە** و یارمەتی دەرە ڕاستەقینەکانی دەسەڵاتە **زلهێزە بەرژەوەند خوازەکانی جیهان** و **ناوچەکە بوون.**

پیشاندانی ڕاستیەکان لە ئێستادا و دانپێدانانی خودی سەرکردەی قارەمانی شوفێنستی عرەبی تیاچوو، بە ڕەوایدانی هەستان بەو کارە دژە مرۆییە. بڵێی تەنها لەبەر دەمکوتکردنی ئەو کاردانەوە نێونەتەوەیی و ناوچەیانەوە نەبێت کە لەبەرانبەر حکومەتەکەی مالکی و مەرجەعیەتە شیعەگەراییەکەدا هاتە ئاراوە. بۆئەوەی بیسەلمێنن، لە سێدارەدانەکەی جێی خۆی بوو، وە ئەوە ئەو سەرکردەیە بوو کە بەرپرسی ڕاستەوخۆی تاوانە مەزنەکانی خەڵکی کوردستان و عێراقە. یان بە (موعەمەر قەزافی ) بڵێن پەشیمان بەرەوە لەو بڕیارەی داوتە بەدروست کردنی پەیکەر بۆ ئەو (مەزنە پیاوە!) لە تەنیشت پەیکەری (عومەر موختارەوە)، ئەگەر ئەم خستنە ڕووە بۆ بەرپەرچدانەوەی ناڕاستەوخۆی ئەو کاردانەوانە نیە، **بۆچی** نەدەکرا کاتێک دیکتاتۆر لە نێو چوارچێوەی دادگادا بوو پیشانبدرایە! ڕاستیەکان ئەمەیە، نەک پرس و سەپاندن و سەلماندنی جینۆسایدە ئەسڵیەکە؟

بەڵام دەبێت سستیەکانی پشت بەدوادا نە چونی دەسەڵاتی کوردیش لە بەرچاوبگرین و بزانین ئەوان بۆ نەهاتن بە هانای ئەم پرسەوە. ئەوە کام دەرگا بوو وا بە قوفڵێکی کلیل وونبودا داخرابوو، سەریان لێی بەدەر نەدەکرد کە **بۆچی** (سەدام) کرا بە پارویەکی شیعەگەریەتی و تاوانە مەزنەکانیش بەرو وون بوونی یەکجارەکی ملیان لەسەر ڕێگای تیاچون بوونی مێژوودا بە پێشخۆیان خستووە؟ ئایا دەسەڵاتی سیاسی کورد خۆی بە شێکی ناڕاستەوخۆی نێو ئەو ئەجێندا ترسناکە نەبوو، کە ئاوەها ئەو پرسە بچوک کرایەوە و تاوانەکەی تەنها ئاراستەی چەند دەست و پێوەندێکی لەرزۆکی نابووت دەکەن؟ خۆ مێژوو چاوی کوێر نەبوە تا نەتوانێت راستیەکان لە بێژنگ بدات و بەرژەوەند خواز و بە قوربانی کراویش هەست پێنەکات. بە جێهێشتنی تەواوی کارە ناتەواو بوەکان بە هەڵواسراوی و هەڵنەدانەوەی ڕاستیە حاشاهەڵنەگرەکانی ئەو کارەساتە کەم وێنەیە دەمانخاتە بەردەم ئەو ساتە هەستیارەی کە دەبێت خەڵکی کوردستان بزانن لە کوێی پرسەکانداندان. دەگونجێت بڵێین ئەوە خەمساردی و بەرژەوەند خوازی دەسەڵاتی سیاسی ئەو دوو حزبەیە بەو شێوەیە خۆی دەسەلمێنێت، کەوایە ئێمە و جیاوازیەکانمان لەوان لە چێدایە. بۆ نابێت بزانین ئەگەر بە ڕاستی دەسەڵات ئیتر پێکهاتەی هەموو نیە و ئەو تەنها بۆ بەرژەوەندیەکانی خۆی هەمووی لا گرنگە، بەڵام بە دیوێکی تردا ئەو ڕاستەوخۆ پێچەوانەی بەرژەوەندیەکانی خەڵکی زەحمەتکێشی کوردستانە و خۆی بە بەشێک لەو پرسانەی خەڵک نازانێت. ئەگەر وانەبوایە خۆدەکرا ئەو پرسە گەورەیان بگەیاندایەتە ئاستێکی نێونەتەوەیی و هەرچی بۆیانبکرایە دەبوا دریغییان نەکردایە. بەڵام دیارە ئامانجێک لەو تیاجوونە پێشوەختە بەشێک بووە لە ئومێدەکانی دەسەڵاتی سیاسی کورد و بۆ ئەوەی چیتر سەریان نەیەشێنن بەو کارەوە و بن دەستەکانی ئەو ڕژێمە نەگریسەش کەشف نەکرێن!

بۆیە ڕاستیەکان لەو هەنگاوانەوە سەرچاوە دەگرن کە خۆت چەندێک توانیووتە کار بۆ ئامانجێکت بکەیت و قورسایی خۆت دیاری کردبێت لەو خاڵەدا، بەو ئەندازەیەش بەرانبەر حیسابت بۆ دەکات و ئامادە دەبێت بچێتە ژێر پرسەکانتەوە.

ئەو دەسەڵاتە کوردیە هێند بە جیاوازی بەرژەوەندیەکانی خەڵکییەوە کاردەکات و بە شێکی راستەوخۆی نێو کایەکانی قورسکردنی باری ژیانە, تا ئەندازەی بێموجامەلە کردن. هێشتنەوەی ئەم قورسایی ژیانە بەسەر سەری خەڵکی زەحمەت کێشەوە وا دەکات خەڵکی تەنها ئاستی بیر کردنەوەکانیان لای پەیدا کردنی پاروە نانێکەوە بێت و ئیتر نەبن بە ئەو ئەندامە زیندووەی بزانن خۆیان کێن و پرسەکانی بەردەم ژیانیان چیە.

ئەم بەردەوامی دانە هەروا کاریکی دەرەوەی و خۆڕسکانە نیەو بەڵکو بەئامانجێکی پلان داڕێژراوەییەوە کاری بۆ دەکرێت، تا چیتر خەڵکی کاتێکیان نەبێت بۆ هەناسەیەک و بیر لە خۆ کردنەوەیەک. دیارە بردنە پێشی ئایدۆلۆژیا کۆنەپەرستیەکانیش بە شێکی ڕاستەوخۆی نێو ئەوکایانەیە و دەسەڵاتیش ئامادەییەکان بۆ زیندوکردنەوەی ئەو ئایدۆلۆژیایە ڕێک دەخات و، دەخوازێت کۆمەڵگە لە نێو چوارچێوەی ئەو قەتیس مانەوەیەدا ڕابگرێت! نە بوونی پرس و پرسیار لە خۆ کردن بۆ دیاری کردنی جیاوازیەکانی نێوان دەسەڵات و خەڵکی، وا کۆمەڵگە لە نێو ئاسۆ گرێدراویەکانی دەسەڵاتدا دەهێڵێتەوە و بە دیوێکی تردا ئەم کۆمەڵگە بێپرسە دەبێتە بە شێکی تەمن درێژی ئەو دەسەڵاتە.

ڕاهێنانی خەڵکی بە گرێدراوی بۆ ناو ئامانجەکانی دەسەڵاتخوازان، چۆنیان بوێت دەتوانن خەڵکی بە دوای خۆیاندا کێش بکەن. هەر ئەم دەرک نەکردنەی نێوان ئەو جیاوازییە ڕۆشنەیە وای لە خەڵکی هەژار کردووە نەتوانێت دەست ببات بۆ ئەو چارەسەرە بنەڕەتیانەی کە بتوانێت خۆی یەکلایی بکاتەوە لە گەڵ دەسەڵاتدا.

ئەوەتا ئێستا لە تەواوی عێراق و کوردستاندا خەریکی خۆ ڕێکخستنن بۆ شەڕێکی زۆرقورستر و مەینەتبارتر لەوەی ئێستا دەی بینین، کۆ کردنەوەی هێزەکان و بەکارهێنانیان بۆ شەڕێکی تائیفی مەوجوود وا دەکات خەڵکی کوردستانیش بە ناڕاستەوخۆ بخاتە نێو ئەو کێشمەکێشە بێچارەسەرەی کە لە نێو بەرژەوەندیەکانی ئەمریکاو لایەنگرانی لەلایەک و ئێران و نەیارانی ئەمریکا لەلایەکی دیکە. لێرەدا دەبێت هەڵوێستەیەکی واقعیمان هەبێت، بزانین بۆچی هێزی بەناو لیوای عێراقی کە هەمویان کوڕی هەژاری کوردن دەنێردرێت بۆ بەغدا و، لە لایەکی دیکەشەوە دەڵێن ئەوانە پێشمەرگە نین بەڵکو سەربازی عێراقیین. ئەگەر ڕاستیەکان بەو شێوەیە چەواشەبکرێت لەبەردەم پرسەکانی خەڵکی کوردا، بۆ ناکرێت خەڵکی کوردستان بڵێن ئەوە بێچارەیی ژیان و دەرئەنجامی بێکارییە وا.. خەڵکی لەو لیوایەدا خۆی ناونوس کردووە، ئەوە بەشێکی مەرامە سیاسیەکانی ئەو دەسەڵاتە بەرژەوەند خوازانەیە کە پارەیەکی زیاد دەدات و خەڵکی ناهوشیاریش ناچارملی بۆ دەدەن. خۆ ئەوان کوڕو کەسی خۆیان نانێرن بۆ نێو ئەو شەڕە، هەموی خەڵکی هەژارە، خەڵکی هەژاریش زۆر زۆرن و بە شەڕەکان نەبێت کەم ناکرێنەوە. ئەمە ئامانجە شارەوەکانی دەسەڵات خوازانە. ئەگەر شیعەگەرێتی بیویستایە پرسەکانی خەڵکی کوردستان بچەسپایە و حکومەتی عێراقیش بە ڕەسمی بچوایەتە ژێر خۆ تاوانبارکردنیەوە لە بەرانبەر پلانی بە جینۆسایدکردنی کۆمەڵگەیەکدا، دەکرا لانی کەم جۆرێک لە بڕوا بوون دروست ببوایە لای گشتی، بۆ ئەو دەسەڵاتە، خۆ ئەگەر وابوایە نەدەبوو بەو جۆرە پەلە بکەن لە هەڵواسینی سەدام و تا دادگای بەناو عەدالەتی هەموو بڕیارەکانی یەکلایی دەکردەوە. ئاخۆ بوونی ئەم پیلانانە نابێت خەڵکی کوردستان بە خەبەر بهێنێتەوە و ئیتر بتوانێت بڕیار بدات نە چێتە ژێر بڕیارە ناڕەواکانی دەسەڵاتخوازان و ئامادە نەبێت کوڕی خۆی پێشکەش بەوان بکات؟

07/01/08

هۆڵەندا